سەماحەتی حەکیم چاوی بە سەرۆکی هێزی سورجی دەکەوێت و گرنگی یەکگرتنی نیشتمانی دووپات دەکاتەوە



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێزنەج ئاغا سورچی سەرۆکی هێزی سوورچی لە عێراق، لەم دیدارە بەڕێز حەکیم جەختی کردەوە لەسەر گرنگی هێزەکان لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، ئاماژەشی کرد کە ئەوان کۆڵەکەی سەرەکین کە دەبنە هۆی سەقامگیری وڵات و یەکگرتن و تەبایی کۆمەڵایەتی.

سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو ڕکابەریانەی ئێستا پێویستی بە یەکگرتن و هاوسۆزی نیشتمانی هەیە، جەختیشی کردەوە کە پێوستە پەیوەندی عەربی و کوردی پتەوتر بکرێت و چالاکی کۆمەڵایەتی لەهەموو شوێنەکانی وڵات درێژەی هەبێت و هەموو شوێنێکی وڵات بگرێتەوە هەروەها باسی هەڵوێستە مێژوویەکەی ئیمام موحسن حەکیمی کرد بەرامبەر کورد کاتێك شەڕی کوردی حەرام کرد هەروەها هەڵوێستی شێخ مەحمودی حەفید کە لەگەڵ برا عەرەبەکانی لە بەسرە لەشۆڕشی بیستی مەزن بەشداری کرد تا ببێتە بەڵگەیەك لەسەر قووڵی پەیوەندی برایانەی عەرەب و کورد.